Social Security Scotland
Tèarainteachd Shòisealta Alba

# بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی (Funeral Support Payment)

**بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی چییە؟**

ئەوە بڕە پارەیەکە بۆ ئەو کەسانە بەردەستە لە سکۆتلەند کە یونیڤێرسەڵ کریدت یان دەستگیرۆیی (بەنەفێت)ێکی شایستەی تر وەردەگرن و پێویستییان بە پشتگیرییە بۆ یارمەتیدانیان بۆ دانی پارەی تێچووەکانی پرسە و ماتەمینی.

**کێ دەتوانێت ئەوە وەربگرێت؟**

خەڵک دەشێت شیاو بن بۆ بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی ئەگەر هەموو ئەو مەرجانەی خوارەوەیان تێدا بێت:

- لە سکۆتلەند بژین
- ئەو خۆی یان هاوسەرەکەی هەندێک جۆری دیاریکراوی دەستگیرۆیی (بەنەفێت) وەربگرن*
- ئەو کەسەی کە کۆچی دوایی کردووە لە شانشینی یەکگرتوو (UK) ژیابێت
- پرسە و ماتەمینییەکە لە شانشینی یەکگرتوو یان لە هەندێک بارودۆخدا لە یەکێتی ئەوروپا (EU)، ئایسلەند (Iceland)، لیختنشتاین (Liechtenstein)، نەرویج (Norway) یان سویسرا (Switzerland) ئەنجام بدرێت
- ئەو دوای ئەوەی کە کەسێک مردووە داوای پێشکەش کردبێت، هەتا 6 مانگ دوای ڕێکەوتی پرسە و ماتەمینییەکەیان
- ئەو خۆی یان هاوسەرەکەی بەرپرسیار بن لە پرسە و ماتەمینییەکە
- ئەوە بۆ ئەو یان هاوسەرەکەی شتێکی ڕەوا بێت کە بەرپرسیارێتی پرسە و ماتەمینییەکە بگرنە ئەستۆ.

بە شێوەیەکی ئاسایی، ئەوە ڕەوایە بۆ نزیکترین خزم و کەسوکاری ئەو کەسەی کە مردووە کە بەرپرسیارێتی تێچووەکانی پرسە و ماتەمینییەکە بگرێتە ئەستۆ. نزیکترین خزم و کەسوکار دەشێت هاوسەر، مناڵ، دایک و باوک یان خوشک یا برا بێت. ئەگەر خۆت یان هاوسەرەکەت نزیکترین خزم و کەسوکار نین، تۆ دەبێت کاتێک داوا پێشکەش بۆ ئێمە ڕوون بکەیتەوە کە بۆچی ئەوە ڕەوا بووە کە بەرپرسیارێتی بگریتە ئەستۆ.

* یونیڤێرسەڵ کریدت (UC)، ئینکەم سەپۆرت (Income Support)، ئینکەم بەیسد جۆب سیکەرس ئەلاوەنس (Income-based Jobseeker's Allowance,)، دەرماڵەی کاردۆزینەوە و پشتگیری پەیوەندیدار بە داهاتەوە، پێنشن کریدت (Pension Credit)، دەستگیرۆیی خانووبەرە (هاوسینگ بەنەفێت Housing Benefit).

لە سەرەتای فۆڕمە سەرهێڵەکەدا و لە لاپەڕە 2 ی فۆڕمی داوانامە کاغەزەکەدا پشکنەرێکی شیاوبوون دانراوە.

**ئایا بڕە پارەکە چەندە؟**

بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی بڕە پارەیەکی بەشەکییە و هەندێک، بەڵام لەوە ناچێت هەموو، تێچووەکانی پرسە و ماتەمینییەکە دەگرێتەوە. ئەوە پشت بە لەپێشترێتی کەسی هەڵبژێرەکانی پرسە و ماتەمینی و هەقدەسە جۆراوجۆرەکان بۆ خزمەتگوزارییەکان لە سەرتاسەری سکۆتلەندا دەبەستێت.

ئەگەر شیاو بیت، ئەو بڕەی کە کەسەکە وەری دەگرێت پشت بەوە دەبەستێت کە ئەو داوای چی کردووە و چ سەرمایەیەک لەو کەسە بەجێماوە کە کۆچی دوایی کردووە.

mygov.scot/funeralsupport

پەڕەی زانیاری

**بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە:**

- تێچووەکانی ناشتن و سوتاندن (ئەو تێچووانە لە سەرتاسەری وڵاتدا جۆراوجۆرن، بەو هۆیەوە، ئێمە ئەو تێچووە خۆجێییە ڕەوایانەمان بڵاو کردۆتەوە کە ئێمە دەیان دەین: mygov.scot/burial-cremation-costs-scotland)
- ڕێژەیەکەی دیاریکراو بۆ هەر تێچوویەکی تر - 1279.15 پاوەن بۆ زۆربەی هەرە زۆری داوانامەکان و 156.10 پاوەن ئەگەر ئەو کەسەی کە کۆچی دوایی کردووە لەڕێگەی پلانێکی پرسە و ماتەمینییەوە ڕێوشوێنی بۆ پرسە و ماتەمینییەکەی ساز کردبێت.
- هەندێک تێچووی هاتووچۆ، تێچووی بەڵگەنامە و تێچووی پزیشکی.

**چەند کەس دەتوانن ئەم بڕە پارەیە وەربگرن؟**

1 کەس بۆ هەر پرسە و ماتەمینییەک.

**خەڵک چۆن داوا پێشکەش دەکەن؟**

خەڵک دەتوانن زانیاری زیاتر بەدەست بهێنن و لەسەر ئینتەرنێت داوا پێشکەش بکەن لە **funeralsupport/mygov.scot**. خەڵک هەروەها دەتوانن بەشێوەی کەسی یان لەسەر تەلەفون داوا پێشکەش بکەن یان داوای داوانامەیەکی وەرەقە بکەن بە پۆست لەڕێگەی تەلەفونکردنەوە بەبێ بەرامبەر بۆ **0800 182 2222**.

بەر لە داوا پێشکەشکردن بۆ بڕە پارەی پشتگیریی پرسە و ماتەمینی، ئەو کەسە دەبێت مردن یان لەدایکبوونی کۆرپە بە مردووی تۆمار بکات و ڕەزامەندی بدات بە بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینییەکەیان (ئەگەر هەیان بێت) بۆ قسەکردن لەگەڵ ئێمە دەربارەی داوانامەکەیان - هەستان بەو کارە ئەو کاتەی کە دەخایەنێت بۆ جێبەجێکردنی داوانامەکە بۆ نزمترین ئاست کەم دەکاتەوە.

دوو فۆڕمی داوانامە هەیە - فۆڕمی داوانامەی مناڵ و فۆڕمی داوانامەی گەورەساڵ. فۆڕمەکانی داوانامە لە بەشی دەستەڕاستی سەرەوە نیشانە کراون. فۆڕمی پرسە و ماتەمینی بۆ گەنج یان مناڵێک پرسیاری کەمتر دەکات.

**ماوەی چەندە دوای پێشکەشکردنی داوا ئایا دەبێت چاوەڕوانی بکەن بەر لە وەرگرتنی بڕە پارەکەیان؟**

کەسەکان دەبێت لە چوارچێوەی 10 ڕۆژی کارکردندا بڕیارێکیان بەدەست بگات لەو کاتەوە کە ئێمە فۆڕمێکی داوانامەی پڕکراوەمان بەدەست دەگات، شانبەشانی هەموو ئەو بەڵگە پاڵپشتکارانەی کە داوا کراون. پارەپێدانەکەیان ماوەیەکی کورت دوای ئەوە دەگاتە دەستیان.

**ئایا چ بەڵگەیەک داوا دەکرێت؟**

ئەگەر پێیان بوترێت ئەوان دەبێت ڕوونووسی هەر بڕوانامە، پسووڵە یان فاتورەیەک بنێرن کاتێک کە داوا پێشکەش دەکەن، ئەوان دەبێت ئەوانە بەر بەئەنجام گەیاندنی داوانامەکەیان لەلایەن ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەندەوە بنێرن. ئەوان دەتوانن ئەوانە یان لەسەر ئینتەرنێت بنێرن لە **mygov.scot/uploading-your-documents** یان زەرفێکیان بۆ دەنێردرێت کە پێشتر پارەکەی دراوە کە دەبێت بیگێڕنەوە بۆ ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند.

**ئایا ئەو کەسە دەبێت ئەو پارەیە بداتەوە؟**

نەخێر، ئەوە قەرز نییە و پێویست ناکات بدرێتەوە. ئەگەر ئەو کەسەی کە مردووە سامانی دارایی لەدوای خۆی بەجێ هێشتبێت ئێمە ئەو بڕە پارەیە لە سامانەکانی ئەو دەردەکەین.

**پارەکە دەدرێت بە کێ؟**

پارەکە ڕاستەوخۆ دەخرێتە سەر ئەژمێری دارایی هەڵبژێردراوی کەسەکە یان ڕاستەوخۆ بۆ بەڕێوەبەری پرسە و ماتەمینی (ئەوە بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵبژێری دڵخوازی خزمەتخوازەکەیە بەڵام ئێمە پێویستیمان بە ڕێپێدانی ئەوە بۆ ئەنجامدانی ئەوە).

**خەڵک کەی دەتوانن داوا پێشکەش بکەن؟**

خەڵک دەتوانن دوای ئەوەی کە ئەو کەسەی پرسە و ماتەمینییەکەی بۆ دەگێڕدرێت مردووە و هەتا ڕادەی 6 مانگ دوای ڕێکەوتی پرسە و ماتەمینییەکە.



فۆلۆی ئاسایشی کۆمەڵایەتی سکۆتلەند
(Social Security Scotland) بکە